# ئەم خولەی پەرلەمان دەتوانێت یاسای نەوت و گاز لە عێراق پەسەند بکات؟

03-10-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لە عێراق چەندە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی بودجە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوت و گاز بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، دوو هێندەش بۆ حکومەتی عێراق گرنگترە، چونکە ئێستا بە لێکدانەوەی بەندەکانی دەستوور و دەرکردنی بڕیار ئەم کەرتە بەڕێوەدەبرێت، لەکاتێکدا بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی عێراق سەرچاوەی دابینکردنی 96% داهاتی دەوڵەت پێکدەهێنێت.

## بەرایی

بڕیارە لەم ڕۆژانەدا کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو لەلایەن چوارچێوەی هاوئاهەنگی و هاوپەیمانە نوێیەکانی بکرێت. تەوەرە سەرەکییەکانی وەك ڕێککەوتنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا لەبارەی "ماددەی 140 و دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لە عێراق"، لەنێو ڕێککەوتنی لایەنە کوردییەکان و سوننە و شیعەکانی بەشدار لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو جێگیرکراوە.

دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لە عێراق چەندە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی بودجە و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوت و گاز بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، دوو هێندەش بۆ حکومەتی عێراق گرنگترە، چونکە ئێستا بە لێکدانەوەی بەندەکانی دەستوور و دەرکردنی بڕیار ئەم کەرتە بەڕێوەدەبرێت، لەکاتێکدا بەپێی داتاکانی وەزارەتی دارایی عێراق سەرچاوەی دابینکردنی 96% داهاتی دەوڵەت پێکدەهێنێت.

لەڕاستیدا، ئەگەری دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لەم خولەی پەرلەمانی عێراق هەنگاوێکی گەورەیە، چونکە خەریکە ساڵێکی تەمەنی تەواو دەکات، بەڵام هێشتا حکومەتی نوێ پێکنەهاتووە! ڕێککەوتنی پێشوەختە لەسەر دەرکردنی یاسا یاخود هەرشێوازێکی دیکەی ڕێککەوتن چ لەنێوخۆی لایەنە عێراقییەکان یاخود لەنێوان لایەنە عێراقییەکان و هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی نەوت و گاز و بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کراوە و دەشکرێت، بەڵام جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنامەکەش بەوشێوازەی هەبووە لە دەیەی ڕابردوودا بۆخۆی چیرۆکێکی دیکەیە!

لێرەدا و بەکورتی هەڵوەستە لەسەر وردەکارییەکانی دەرفەت و لەمپەرەکانی بەردەم دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لە عێراق دەکەین، و فۆکووسی سەرەکیش دەخەینە سەر دوو پرسی سەرەکی لەبارەی ئەم یاسایەوە، یەکەمیان ئایا چ یاسایەک پەسەند دەکرێت؟ ڕەشنووسی پرۆژەیاسای 2007 و ساڵانی دواتر دووبارە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و هەمواردەکرێتەوە یاخود پرۆژە یاسایەکی نوێ ئامادە دەکرێت؟ دووەمیشیان ئەم خولەی پەرلەمان دەتوانێت پرۆژە یاسایەکی وەک نەوت و گاز دەربکات، کەوا نەک تەنیا هەرێمی کوردستان لەسەرئێشە و بڕیارە جیاوازەکانی وەزارەتی نەوت، دادگای فیدراڵی و بگرە وەزارەتی دارایی عێراقیش لەبارەی بەشە بودجە، پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دوور دەخاتەوە، بەڵکوو ئەو پشێوییەی ئێستاش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسای کۆمپانیاکانی نیشتمانیی نەوتی عێراق لەلایەن دادگای فیدراڵی لادەبات کە تووشی پیشەسازی نەوت و گازی عێراق بووە. چونکە ئێستا خوێندنەوە بۆ بنەما دەستوورییەکان، بڕیارەکانی دادگا و یاسا دەرکراوەکان پەیوەست بە نەوت و گاز دەکرێت، هەربۆیەش وەزیری نەوتی عێراق "دواین بڕیاری دادگای فیدراڵی لەبارەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە **دادپەروەرانە** دەزانێت، بەڵام بڕیاری هەمان دادگا لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیای نیشتمانی نەوت بە **ڕاچڵەکانێک** بۆ کەشی یاسایی پیشەسازیی نەوتی عێراق" دادەنێت!

## پێنجەم خولی پەرلەمان و پرۆژە یاسای نەوت و گاز لە عێراق

خولی پێنجەمی پەرلەمانی عێراق تووشی ئاڵنگارییەکی گەورەی نێوخۆیی لایەنە شیعییەکان بووەتەوە بەشێوەیەک کەمتر لە دە ڕۆژێکی ماوە یەک ساڵ بەسەر هەڵبژاردنیدا تێپەڕێت، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو تەواو بکات. ئەمەش سەرەڕای ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا چەند جارێک لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و کارەکانی ڕاگیراوە.

ئەم خولەی پەرلەمان ماوەیەکی کەمتر بە بەراورد بە چوار خولەکەی پێش خۆی لە بەردەمدایە، ئەویش بەهۆی ململانێی نێوخۆیی شیعەوە، کە ساڵێکی تەمەنی خۆی بە بێ کار خەریکە تەواو دەکات و چاوەڕوان دەکرێت ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە بکات، کەواتە لەڕووی کاتەوە ئەم خولەی پەرلەمان ماوەیەکی کەمتری لەبەردەمدایە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان و دەرکردنی یاسای نەوت و گاز، کە ماوەی 15 ساڵ زیاترە لەدوای یەکەم ڕەشنووسی ئامادەکراوە نەتوانراوە پەسەند بکرێت، هەرچەندە ئەو کات لەسەر ڕەشنووسی 2007 کۆدەنگییەکی زیاتر لەنێوان دوو لایەنە سەرەکییەکەی (هەرێمی کوردستان ـحکومەتی فیدراڵی) لەسەر دەرکردنی یاساکە هەبوو، کە بەپێی زانیارییەکان ڕێککەوتنی کۆتاییش لەسەرکرابوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێک لە لایەنەکانی بەغدا خۆیان لەوەدا دەبینیەوە کە ئەم یاسایە ئیمتیازاتی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەدات و نێوخۆی عێراق لە ئاڵۆزی و ململانییەکی سەختی سوننە و شیعەدا بوو نەتوانرا یاسایەکە لە پەرلەمان پەسەند بکرێت.

لەڕوویەکی دیکەوە، جەختکردنەوەی لایەنە کوردییەکان و عێراقییەکان، تەنانەت لایەنە نێودەوڵەتییەکانیش بەتایبەت ئەمریکا و ئەورووپا لەسەر دەرکردنی یاساکە لەم خولەدا، تەنیا پەیوەست نییە بە درووستبوونی کێشەکانی بەردەم پیشەسازی نەوت و گاز لە

هەرێمی کوردستان و عێراق، بگرە هێندەش پەیوەستە بەو دۆخەی کە ئێستا بازاڕی وزە هەیەتی. لەلایەکی دیکەوە بەرەو زستانێکی سەخت دەچین کە نەک تەنیا لەوانەیە نرخەکان بەرز بن، بگرە زنجیرەی دابینکردنی وزەش کیشەی تیدەکەوێت، کە ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ وڵاتانی بەکارهێنەری وزە (نەوت و گاز) دروستکردووە، لەسەروو هەمووشیانەوە وڵاتانی ئەورووپا.

هەروەها، ئەوەی ئێستاش دەبینرێت، هەرچەندە گۆڕانکارییەکان لە عێراق خێران، تەنانەت بڕیارەکانیش لاستیکین، بەڵام هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن لەم خولەی پەرلەمان یاسای نەوت و گاز دەربکرێت، هەرچەندە نازانرێت ئایا ئاراستەی کارەکانی ئەم خولەی پەرلەمان بەرەو کوێ دەڕوات، تاوەکو بزانرێت وردەکارییەکانی پشت نێوەڕۆکی پرۆژە یاسایەکە چییە، هەربۆیەش ئامادەکردنی رەشنووسی پرۆژە یاسایەکی نوێ لەم خولەدا ئەستەمە، بەڵام کارکردن لەسەر رەشنووسی پرۆژەیاسای ساڵی 2007، ئەویش بەمەرجێک ئەگەر لایەنە عێراقییەکان مەبەستیان بێت ئاسانترە بۆ ئەوەی پەسەندبکرێت.

## دەستوور، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و،  بەڕێوەبردنی  سەرچاوە سرووشتییەکان لە عێراق

لە دەستووری عێراق دوو مادده تایبەتکراوە بە پرسی نەوت و گاز، کە ئەوانیش  ماددەی 111 و ماددەی 112ن، لە ماددەی 111دا هاتووە "نەوت و گاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا". هەروەها، لە ماددەی 112شدا هاتووە "حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گازدا کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات بە مەرجێک داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەر و بەپێی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەشبکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشک بۆ ماوەیەک بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتوانەی کە رژێمی پێشوو بێبەشی کردوون".

بەپێی برگەی دووەمی ئەو ماددەیە، حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە کار بۆ داڕشتنی سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و گاز دەکەن بەجۆرێک کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵک بۆ گەلی عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان. هەروەها، لە ماددەکانی دیکەی دەستووری عێراق هاتووە ، کە بیرە نەوتەکان بەهاوبەشی بەڕێوەدەبرێن لە نێوانیاندا.

ئەمەش لەکاتێکدا، پێشتر لە نێوان نوێنەرانی هەرێمی کوردستان و ئەیاد عەلاوی، سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق بە ئامادەبوونی زاڵمای خەلیلزاد رێککەوتنێک لەنێوان هەولێر و بەغدا کراوە تاوەکوو دەرچوونی یاسای نەوت و گاز، هەرێمی کوردستان ئازادە لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوتەکەی.

مانگی ئاداری 2007، حکومەتی عێراق بە فەرمی پرۆژە یاسای نەوت و گازی ئاراستەی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق کرد، بەڵام لە دوای 15 ساڵ تاوەکو ئێستا بەهۆی ململانێی سیاسی نەتوانراوە خویندنەوەی کۆتایی بۆ بکرێت سەرەڕای ئەوەی چەندین جار و لە چەندین خولی پەرلەمان هەمان رەشنووس و رەشنووسی دیکەش گۆڕانکاری و دانوستاندنی لەبارەوەکراوە.

لە لایەکی دیکەوە، هەرێمی کوردستان کەرتی سامانە سرووشتییەکان (نەوت، گاز و کانزاکان) لە بەڕێوەبردن، دەرهێنان، بە بازاڕکردن، فرۆشتنن و کۆکردنەوەی داهاتەکان، بەپێی سێ یاسا بەڕێوەدەبات*[1]، کە ئەوانیش یاسای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، یاسای نەوت و گاز، یاسای سندوقی داهاتەکان.

لەڕاستیدا، دەرکردنی یاساکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی پیشەسازی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان پەیوەست بووە بە نەبوونی یاسای نەوت و گاز لە عێراق، چونکە لەدوای دەرنەکردنی یاسای نەوت و گاز لە عێراق لەدوای ئەو هەموو هەوڵەی ئیدارەی ئەمریکا لەسەردەمی بۆش دا بۆ دەرکردنی یاساکە ئەنجامیدا، یاساکە دەرنەکرا. هەرێمی کوردستان یاساکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی ئەم کەرتەی دەرکردووە، کە ئەمەش هەر لە سەرەتاوە رێککەوتنی لەسەرکراوە، بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە هاوکێشەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە عێراق و بەتایبەتیش لەنێو شیعەکادا وایکردووە کە ئەم پرسە ئاراستەیەکی دیکە وەربگرێت و ساڵانە چیرۆکی دەستبەسەراگرتن پیشەسازی نەوت و گاز، داهاتی نەوت و گاز، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دووبارە ببێتەوە.

## رەشنووسی پرۆژە یاسای 2007 یاخود یاسایەکی نوێ؟

لە ساڵی 2007دا لەدوای هەوڵیکی زۆری ئەمریکییەکان بۆ نزیکردنەوەی لایەنە عێراقییەکان و کوردییەکان رەشنووسێکی یاسای نەوت و

گاز ئامادەکرا، هەرچەندە لایەنەکان لەسەری نەگەیشتنە ڕێککەوتنی کۆتایی و تاوەکو ئێستاش نەبووەتە یاسا. هەروەها، لەماوەی چوار خولی رابردووی پەرلەماندا چوار جار وەزارەتی نەوتی عێراق و لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران پرۆژەیاسایان رەوانەی پەرلەمان کردووە، بەڵام هەر چوار جارەکە نێردراوەتەوە بۆ وەزارەتی نەوت و نەتوانراوە پەسەندبکرێت.

لە رابردوودا، چوار رەشنووس یاخود چوار جۆری جیاوازی پرۆژە یاسای نەوت و گاز لە لەلایەن پەرلەمانی عێراق و وەزارەتی نەوتی عێراقەوە ئامادەکراوە، کە یەکەمیان لە ساڵی 2007 پێشکێشکرا بەڵام لەبەرنەبوونی تەوافوقی سیاسیی نیوخودی (شیعەکان) ئەو پرۆژەیاسایە بە هەڵواسراوی مایەوە، دووەم پرۆژە لەلایەن لێژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانی عێراقەوە پێشکێشکراو، پرۆژەی سێیەمیش لەساڵی 2011 لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە نێردرایە پەرلەمان و ساڵی 2019 وەزارەتی نەوتی عێراق پرۆژە یاسایەکی نوێ ناردە پەرلەمان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچکامیان لە پەرلەمان پەسەند نەکراوە.

ئێستا باس لە رێککەوتنێکی نوێ و چارەسەرکردنی پرسی نەوت و گاز لەم خولەی پەرلەمان لەنێوان لایەنە کوردییەکان و لایەنە عێراقییەکان (شیعە) دەکرێت، ئەویش بە مەرجێک پێویستی بە ئیرادەی بەهێزی شیعەکان و گۆڕانکاری بەسەر عەقڵیەتی شێوازی بەڕێوەبردنی سامانە سرووشتییەکان لە عێراق هاتبێت ئەگینا چیرۆکەکانی پێشوو دووبارە دەبێتەوە.

هەروەها، لەخولەکانی پێشووی پەرلەمانی عێراق، نیگەرانییەکانی هەولێر و بەغدا لە دەرنەکردنی یاسای نەوت و گاز بەهۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە بووە:

- خاوەنداریێتی و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان (نەوت و گاز).
- هاوبەشیکردنی هێز یاخود دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەولێر و بەغدا.
- کۆنترۆڵکردن و کۆکردنەوەی داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکان (نەوت و گاز).
- چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی نەوت لەئێستا و گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت لە داهاتوودا.

لەو چوار رەشنووسە یاخود چوار جۆرە جیاوازەی یاسای نەوت و گازی عێراق چ لە لایەن پەرلەمان یاخود لەلایەن وەزارەتی نەوت و حکومەت و لیژنەی نەوت و وزەی پەرلەمانی عێراق ئامادەکرابێت نەتوانراوە کۆدەنگی لەسەر ئەو خاڵانە بکرێت، هەرچەندە هەرێمی کوردستان بە رەشنووسی 2007 رەزامەندبووە، بەڵام بەردەوام گۆڕانکارییەکان لە رەشنووسی پرۆژەیاساکان یاخود رەشنووسی نوێ بە ئاراستەکردنی کۆنترۆڵکردنی زیاتری ئەو چوار بنەمایەی سەرەوەیە لە دەستی حکومەتی فیدراڵی نەوەکو هاوبەشیکردن بۆیە دانوستاندنەکان و رێککەوتنی پێشوەختەش بێ ئەنجام بووە. هەر رێککەوتنێک نەتوانێت دڵنیایی و لێکتیگەیشتن لەسەر ئەو چوار خاڵە درووستبکات ئەوا پرۆژەیاسای نەوت و گاز پەسەند ناکرێت یاخود بەبێ کورد تێدەپەڕێندرێت.

## داهاتووی سکاڵا یاساییە کۆن و نوێیەکانی وەزارەتی نەوت و حکومەتی عێراق لەسەر پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان

هەنگاوە یاساییەکانی حکومەتی فیدراڵی و بەتایبەتیش بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە 15ی شوباتی 2022وە گەورەترین مەترسی بۆ سەر پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دروستکرد و نادڵنیاییەکی گەورە و سەختییەکی زۆری بۆ کارکردنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانیش هێنایە ئاراوە، هەرچەندە لە 2013وە هەوڵەکانی حکومەتی ناوەندی لەڕووی یاساییەوە لەدژی ئەم کەرتەی هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

یەکەم هەوڵەکان یاخود هەنگاوە یاساییەکانی حکومەتی عێراق لە دژی پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە ئایاری 2014دا بووە، بەهۆی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و دوایین هەوڵ و بڕیاریش لەلایەن کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق سۆمۆ بوو، کە کڕیارانی نەوتی هەرێمی کوردستان ئاگادارکردەوە کەوا نەوتی هەرێمی کوردستان نەکڕن! لەگەڵ ئەوەشدا و بەتەنیا لە ئەمساڵدا و لەدوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی، وەزارەتی نەوتی عێراق و بەتایبەتیش وەزیری نەوت هەوڵەکانیان لەدژی کارکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان خستووەتەگەڕ.

هەروەها، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەبارەی بڕیارە یاساییەکان و ڕێنماییەکان و هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردن یاخود پەکخستنی کاری کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەرکەوتنی دیوە سیاسییەکەی پشت ئەم بڕیارانەیە، بۆ نموونە لەماوەی رابردوودا بەهۆی هاوپەیمانە سیاسییەکان لە عێراق دا، بەتایبەتیش لە نێوان لایەنە بەشدارەکان دەرکردنی بڕیارەکان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسایی لەنیوخۆ و دەرەوە بەرەوپێشچوونی گەورەی بەخۆوە بینی، بەڵام دوای

گۆڕانکاری لە هاوپەیمانییەکان لەنێوان هەمان لایەنی سیاسی لە عێراق ئێستا باس لەتێپەڕاندنی کیشەکان و دەرکردنی یاسای نەوت و گاز و تەنانەت چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکانی دیکەش دەکرێت.

لێرەدا، پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین کە، بڕیارەکان و هەنگاوە یاساییەکان لەدژی پیشەسازی نەوت و  گازی هەرێمی کوردستان، کە وەک چەکێکی بەهێز لە رەفەی دادگا نێوخۆی و نێودەوڵەتییەکان خۆڵی لێدەنیشێت، بەڵام لەناو ناچێت و هەرکاتێک پێویست بوو ئەوا دەهێنرێتە ئاراوە وەک لە زیندووکردنەوەی سکاڵایەکی 2012 لە دژی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی بڕیاری دادگای فیدراڵی لە شوبات 2022دا زۆر بەڕوونی دەرکەوت، کەواتە بێدەنگبوون یاخود پشتگوێخستنی کارەکانی ئەم سکاڵا و بڕیارانە لەم قۆناخەدا هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە لەوانەیە لە داهاتوودا سەرهەڵبداتەوە، هەربۆیەش پێویستە هەنگاوەکان هاوتەریبی دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لە عێراق، هەنگاوە یاساییەکان و پوچەڵکردنەوەی ئەو بڕیار و سکاڵایانەی لە دادگا نیوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان تۆمارکراوە بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

## کۆتایی

رێککەوتنی پێشوەختەی نێوان لایەنە عێراقییەکان (چوارچێوەی هاوئاهەنگی) و لایەنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی حکومەتی نوێ، و هەنگاوەکان لەبارەی چارەسەرکردنی کیشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەتایبەتیش کیشەکان لەسەر بەڕێوەبردنی نەوت و گاز بردە قۆناخێکی نوێ و ئێستا باس لەدەرکردنی یاسای نەوت و گاز و کۆتایهێنان بەچیرۆکی کیشەکانی هەولێر و بەغدا دەکرێت.

بەپێی ئەزموونی چوار خولی پێشوو، هەروەها ئاریشە سەرەتاییە نیوخۆییەکانی ئەم خولەش چاوەڕواندەکرێت نەتوانرێت یاساکە پەسەندبکرێت، چونکە تەنیا رێککەوتن لەسەر دەرکردنی یاساکە و چارەسەرکردنی کیشەکان کراوە، نەوەکو رێککەوتن لەسەر بنەما سەرەکییەکانی پرۆژەی یاسای نەوت و گاز کە ماوەی 15 ساڵ ناکۆکی لەسەر شێوازی ئیدارەدان هەیە، هەرچەندە پێشنیازی جیاواز و جۆراوجۆر لەلایەن هەردوولاوە خراوەتەڕوو.

لەڕوویەکی دیکەشەوە، لەماوەی رابردوودا دەرکەوت کە یاساکان و بڕیارەکان لە عێراق نەک تەنیا کاریگەرییەکی گەورەی سیاسی لەسەرە و بەندە بەهاوپەیمانی و رێککەوتنی نێوان لایەنەکان بگرە کاریگەری وڵاتانی ناوچەیی بە پلەی یەکەم ئێران، و دواتریش ئەمریکا لەسەرە. هەربۆیەش ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن سەرەڕای دروستکردنی ئاستەنگی لۆجیستیک و دارایی بۆ کارەکانیان [بەردەوامن لە زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت](#) و لیدانی بیری نوێ و فراوانکردنی کارەکانیان لە کێڵگە نەوتییەکان دا.

هەروەها، رێککەوتنی چەند رۆژی رابردووی نێوان کورد، سوننە  و شیعە بە بێ ( سەدر)  بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراق تاڕادەیەک کارەکانی بڕیار و هەنگاوە یاساییەکانی لەدژی پیشەسازی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کپکردووە، بەڵام مەترسییەکان جیددین و لەشوێنی خۆیان تاوەکو سکاڵاکان هەڵنەوەشێتەوە.

لەکۆتاییدا، پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین کە ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق تەواو جیاوازە و عێراقیش تەواو بووەتە مەیدانی سۆپرایزەکان، کە رۆژانە سۆپرایزی گەورەی سیاسی، ئەمنی و ئابووری روودەدات، هەربۆیەش دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین لەم خولەی پەرلەماندا یاسای نەوت و گاز پەسەند دەکرێت یاخود هەمان سیناریۆی چوار خوولی رابردوو دووبارە دەبێتەوە.

---

[*] [یەکەم یاسا کە بۆ](#) بەڕێوەبردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەرچووە، یاسای ژمارە (21) ی ساڵی 2007ی یاسای وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بووە، بەپێی یاساکە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان

ئەرکی بەڕێوەبردنی هەموو کەرتەکانی تایبەت بە سامانە سرووشتییەکان (نەوت، گاز و کانزاکان) لە

هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

یاسای دووەم، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە (22)ی ساڵی 2007 ی پەرلەمانی

---

کوردستانە

یاسایەکی دیکە کە تایبەتمەندە بە نەوت و وزە، یاسای ژمارەی (2)ی ساڵی 2015 یاسای سندوقی

کوردستان بۆ داهاتە نەوتیی و گازییەکان.